# تاویٚ بیٚدەنگبە.. برادەر

**زاناسامان**

باچیتر لەدەرگا نەدەین

باحەوشەکەی منالّی

نەرەنجیٚنین لەخوّمان

بادلّەکەی عەشق..نەشکیٚنین

بائەوسەمایە

کەلەپچە نەکەین

کەهەمیشە دەیخستینە

کەلّکەلّەی خوّلەیادکردنەوە

باچیتر..دەست وەرنەدەینە

خەونی کیژوّلّە قەیرەکان

باهەتا هیٚزمان تیٚدایە

ژەنگەسورە لەباخچە دەرکەین

بافیٚری خوّشەویستیبین..برادەر

باووردە شوشەی

ژوورەکەی ئەوین کوّبکەینەوە

بائەوەندە سیٚبەریبین

نەیەلّین بولبول

گەرمای هاوین..بیٚزاری بکات

هیٚندە وریابین

ریٚنەدەین(با)..

پرچی خوشکە درەختمان..لیٚ بژاکیٚنیٚ

تاویٚ بیٚدەنگبە..برادەر

بیٚدەنگبە..

نەك ئەوخەونە..ڕاچلّەکیٚ

ئەوپارچە موّسیقایە

لەوتەنیشتی ئاگرەوە..بسوتیٚ

ئەویادگارییە..تورەبیٚو

پەرتوکەکەی.. جیٚبهیٚلّیٚ

ئەو گۆرانیە..

ئاوازەکەی.. هەرزان فرۆش بکات

نەك ئەو درەختە

عومری بداتە دەست خەزان

ئەوجگەرەیە تەواو نەبیٚو

ببێت بەسۆتوو

ئەو کسپەیە بەکەس نەگاتو

لەشانی ئەودیوارەدا..گڕە بیبات

ئەو کوڵمە ناسکە

بەشی ماچێکی پێوە نەمێنیٚ

ئەو شلکە رێحانەیە

بەدەستی عەشقەوە..سیس هەڵگەریٚ،

بێدەنگبە.. برادەر

هەتا باڵگرتنی ئەو زەرنەقوتەیە

تاپێگرتنی..ئەو منالّە خێرلەخۆنەدیوە

تاگیرابوونی

دوعای گەنجێکی بیٚ یار..بێدەنگبە

بایی دالّغە لێدانی نێو باخچەیەك

بەقەدەر شنینەوەی سنەوبەرێك

لەئارامی سپێدەدا

هەرهێندەی گەلاٌکردنی نەمامێك

تاتلۆقینی هەنار..بێدەنگبە

وەکوپیاسەی

ئێوارانەکەی گەنجێتیو

رامان بەدیار

شۆخێکی بالاٌبەرزەوە،

بێدەنگبە تاویٚ..

باچیترفسکە..لەبۆنەخۆشەکان

هەڵنەسێنین

ئێرەیی بەماڵەکانی گەرەك نەبەین

بائەستێرەكان

بەملاوبەولادا..نەپرژێنین

نەك مانگ لێمان زویربێ

بائەوەندە سپیبین

بەفر بەدیتنی ئێمە..بتوێتەوە

با زێدە شەقامەكانمان خۆشبوێت

بائەوەندە بێدەنگبین

كوكوختیەكان لەسەر شانمان..هێلانە بكەن

فریشتەكان لەباوەشماندا بخەون

بێدەنگبەوبا..

گوێ بۆپارانەوەكانی هەتاو رادێرین

بادەست لەئوتووكردنی

كراسەكانمان هەڵگرین

بائەوەندە ژیانمان لەلا شیرین بێ

كەخەیاڵێك دەمانباتەوە

بۆلای منالی

كەپێكەنینێك

پەنجەرەی رۆحمان

دەخاتە سەر گازەرەی پشت

كەهێندەی نەماوە

بۆچنگ كەوتنی مەرامەكەی دڵ

بائەوەندەی كرماندنی قاشێك سێو

هێندەی قرینگانەوەی ساوایەك

ژیانمان خۆشبوێت

بائیتر تەماشای غروری

شۆستەكان نەكەین

بالەمەودوا

نوێژ لەسەر توێكڵی

گوڵەبەرۆژە ببەستین

باخۆمان فێری

زمانی پەپولە بکەین

سەرچۆپی

لەگەڵ تنۆکی باراندا ببەستین

بابەسەر گۆیژەدا سەربکەین و

بەدەستەسرێکی ئاوریشمیەوە

بۆ تەربوونەوەی خۆمان بگەرین

دەسا بێندەنگە..برادەر

بێدەنگبەو پێموایە

دێرێك لەووتنمدا هەیەو

لێی تێناگەم

سەفەرێك لەبەر پێمدا هەڵرژاوەو

هەستی پێناکەم

عەزابێك لەتەنیایم دەچۆرێو

گوێی پێنادەم

گریانێك ئاوێتەی دڵم بووەو

پێدەچێ

توشی میسبەتێکم بکات

شیعرێك قۆڵی لەقۆڵمایە

دوورنیە بمباو

ئیدی بەفریای

دیتنەوەیەکت نەکەوم

تاوێ

بێدەنگبە

برادەر

بێدەنگبە

تاوێ

2007/7/7